# کاتی ئەوە هاتووە لە بنەماوە سیستەمی
# پەروەردە و فێرکردن گۆڕانی بەسەردابێت

هەورامان علی تۆفیق
Berzi-san@web.de

تێڕوانین بۆ ئاینده و پاشەڕۆژی نەوەکانی داهاتوو ئەوانەی کە بەکردارو پلان و کاری هەنوکەی ئێمەومانان ئەوان سوودمەند دەبن و بنەمایەکی زانستی و پەروەردەیی ڕاست و دروستیان بۆ دابین دەکرێت , ئەم تێڕوانینەش لەڕوانگەی بڕوابوون بەژیانەوە دێتە ئاراوە و هیواو خواستەکانی مرۆڤایەتی لەم دوونیایەدا و چۆنیەتی بەستنی پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکانی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیدا و چۆنیەتی ئاوێتەبوون و تێکەڵ بوون لەگەڵ دوونیایی فکرو زانیاری و زانستیە جیهانیەکاندا بەوجۆرەی کەئەمڕۆهەن .

لێرەوەدەبێ بنەمایی زانستی و پەروەردەیمان بنیاد بنێین تا ئەو هیواو ئومێدانەی کە هەمانن بەدەستیان بێنین , هەنگاوی داهاتووشمان بۆ ئەنجام گەیاندن و کارکردن و ئەوەی لەسەرکاغەزەکانمان هەن بهێنرێنە جیهانی واقع و کارەوە تا بیسەلمێنین ئەوەی باسی دەکەین و ئەوەی لەپلان و بەرنامەدایە وا ئەمڕۆ بەکردار دەسەلمێنرێ , ئەویش لەڕێگای ئەو دەزگاو لایەنە پەیوەندیدارانەوە دەبن کەلەم بوارانەدا پسپۆڕن و کاریان پێدەکرێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆو تەواویان بەبوارەکانی زانست و فکرو پەروەردەو تەکنەلۆژیا وە هەیە , تابەشێوەی قۆناغ لەدوای قۆناغ بەئەنجام بگەیەنرێ و ئەم قۆناغانەش لەو کاتەوە دەست پێ بکەن کە بیری مرۆڤ لەو تەمەنەدا کە توانایی وەرگرتن و فێربوون و پەروەکردنەوە هەیە تا دوابەدوای هەموو قۆناغەکانی تری خوێندن بەدوا ئاکامی زانستی بگات , کەواتە ئەو قوتابخانە دەبێ لەسەر ئاستێکی زانستی و پەروەردەیی زۆر پێشکەوتوو کەهەموو لایەنەکانی مرۆڤایەتی تێدارەچاوکرابن و هەموو پێداویستیە پەروەردەییەکان و تەندروستی و زانستی و تەکنەلۆژیە پێشکەوتووەکانی کە پەیوەندی دارن بەسیستەمی پەروەردەوو فێرکردنەوە بەبێ فەرامۆش کردنی ووردترین بەشی کاری تێدابکرێت .

لەگەڵ دانانی پلان و کاری داڕێژراوی ئەوانەی کە بەئەنجام گەیاندنی ئەم سیستەمە هەڵدەستن لەمامۆستاو پەروەردەیی و کەسانی شارەزایی باری دەرونی و فەلسەفی و کۆمەلآیەتی و لایەنی ئیداری و لایەنە پیشەیەی و هونەری و وەرزشی و قوتابخانە نمونەییەکان و ئەو جێگایانەی کە پێویستن بۆ قوتابیان لەهۆڵ و یاریگا و مەلەوانگەو شوێنی زانستی و تاقیگەو تەکنەلۆژی کە ئەمانە دەبێ بەبێ جیاوازی شارو گوند و ناوچەکاندا یان لەقوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی دی هەموویان دابین بکرێن بۆ ئەوەی جیاوازی نەبێت .

بێگومان دارشتنی بەرنامەیەکی لەم شێوە داڕێژراوە کۆنکرێتیە کە هەموو لایەنەکانی تێدا تاوتوێ بکرێت و دیاری بکرێت کە دەبێ لەڕۆژی دەست پێکردنیەوە ماوەیەکی دیاری کراو دەست نیشان بکرێت بۆ بەئاکام کەیشتن و سەرکەوتنی و هەموو قوتابخانەیەک لەم هەرێمەدا دەبێتە قوتابخانەیەکی نمونەیی بەپێی ئەو پلانەی کە ئامادەکراوە .

بۆ سەرکەتن و گەیشتن بەدوا ئامانج گرنگە جەماوەر ئاشنا بکرێت بەناوەڕۆکی ئەو پلانە و چۆنیەتی کارکردن و ڕەفتارکردن لەتەکیدا و داوای هاوکاری و پشتگیریان لێ بکرێت تا هەموو پێکەوە کارێ تێدابکەن چونکە ئەوەی دەکرێ و لەپلان دایە بۆ خزمەتی ئەوان ومنداڵەکانیانی ئەواندایە و پاشەڕۆژی ئەو وولآتەی لەسەر بنیاد دەنرێ و پاش نەوەیەک دەتوانین کومەڵگایەکی شارستانی و مەدەنی و مۆدێرن و شارەزاو پرچەک بەزانست و زانیاری بێنینەبەرهەم نەک بەم شێوەی کە ئێستا دەمانەوێ بێ گومان بەم سیستەم و کارو بەرنامانەی ئەمڕۆ مەحاڵە بتوانین کۆمەڵگایەکی مەدنی ڕۆشنبیری زانستیانە کەلەگەڵ ڕەوتی ئێستای پێشکەوتندا بگونجێ دروست بکەین .. ئەگەر ئەو دەستکەوتانەمان بەدەست هێناو ئەو نەوەیە وەبەرهەم هات ئەوانیش بەڕۆڵی خۆیان بەشێوەیەکی ئاسایی و بێتەگەرە درێژە بەکارەکان دەدەن و ئەو کات گومان لەوەدانیە دەستکەوت و بەرهەمەکانی ئەوان لەو دەستکەوت و بەرهەمانەی ئێمە لەڕوی زانستیەوە زیاتر دەبێت و کاریگەرتریش دەبن , بەو واتایە توانرا بنەمایەک دروست بکرێت و کاری بەردەوامی لەسەربکرێت .

لە قوتابخانە پەروەردەییەکاندا پێویستە توانای مرۆڤ و تێگەیشتن و دەرک کردن بەهەموو کەم و کوڕیەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردن و بیرکردنەوەلێیان و هەنگاونانی ڕاست و دروست و گیانی هوکاری و نیشتمان پەروەری

و دڵسۆزی و پاکی و خۆشەویستی خوێندن و فێربوون بەڕاست و دروستی و دەرک کردن بەوەی ئەمە دەبێتە کارێک و هاندەرێکی گرنگی ئەو شێوە پەروەردەکردنە .
ئایندەش ئەوەی لەئێمە دەوێت کە گۆڕانکاری بکەین و بەرەوپێش بچین نەک لەجێگای خۆماندا بسوڕێینەوە و نەتوانین هەنگاوێک بەرەوپێش بچین یان نەوێرین خۆمان لەهیچ گۆڕانکارێک بدەین کە ئەمە بێ توانایی و لاوازی و سستی ئێمە و ئەوانەی ئەم ترسەیان هەیە دەسەلمێنێ و نەتوانایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتە هەنووکەییەکان و چارەسەرکردنیان , کەواتە تێکەڵ بوون وپەیوەندی کردن لەگەڵ دوونیای پڕلەشارستانیەت و زانستە پێشکەوتنە تەکنەلۆژیە جیهانیەکان دەبێ چۆن بکەین ..........؟ ئەگەر ئێمە لەبڕیارێکی ئایندەیی کە پەیوەندی بەژیان و گوزەران و پەروەردەکردن و فێربوونەوە بێت نەتوانین بدەین و تەنانەت بەترسەوە باسیشی لێبکەین کە واتە دەبێ ئەو منداڵانەی ئەمڕۆ پاشەڕۆژیان بەکوێ دەگات و ئایندەی وولاتیش بەکام ئاکام دەگەێنین ..؟ ئەگەر ئەمڕۆ بیری لێنەکەینەوە ئەی کەی کاتی ئەوەیە بیری لێ بکرێتەوە ..؟ ئەوە شانزەساڵ بەسەر ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 دا تێدەپەڕێ و هیچمان بەهیچ نەکردووە هەنگاوێکی ڕاست و بوێرانەمان لەبواری پەروەردەو فێرکردندا نەناوە , هۆکارەکانیش زۆرن و گرنگ ترین یان بێ پلانی و نەڕوانینە ئایندە و ئەوەشی باسی لێوە دەکرێت تەنها بۆ کات بەسەربردنە و هیچی دی .
کەواتە بۆشاییەکمان لەنێوان خۆمان و دوونیای دەوروبەرمان دروست کردوەو پاشانیش نەوەکانمان لەنێوان ئەم بۆشاییەدا وون دەبن و بەرەو نامۆبوون دەچن و ئەوکات خۆدۆزینەوە و خۆسەلماندن دەبێتە کارێکی گران بۆ تاکی کورد و زۆر لەسەرمان دەکەوێ ئەگەر لەئاست ئەو ئەرکە مێژووییە چارەنووسسازیەدا نەبین .
لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە مرۆڤ ( 3 ) توانایی گرنگی هەیە یان بەواتایەکی دی تواناکانی مرۆڤ خۆیان لەسێ بەش دا دەبیننەوە .
یەکەمیان : توانا لاشەییەکانی مرۆڤە کە دەکاتە توانایی ماسولکەو هێزی لاشەی .
دووەمیان : توانا داراییەکەیەتی یان توانایی مادی و ئابوری ئەو مرۆڤەیە لەژیان دا .
سێیەمیان : توانا فکرو زانستی و بیروباوەڕی ئەو مرۆڤەیە لەئاست بیرکردنەوەی وچۆنیەتی ڕادەربڕین و بۆچونیەکانیەوە یەتی .
مرۆڤیش ئەوەی لەمێژووەوە بۆی بەجێ مابێتەوە بۆ ئەوەی لەژیانی خۆیدا بمێنێتەوە یان بەرەو پێش و بەرەو زیاتر بچێت و بەرەنگاربوونەوەیەکی توند تیژی هەیە بۆ مانەوەی لەپێناوی ژیاندا و لەپێناو دەسەلات گرتنە دەست و بەدیارکەوتن ئەم سێ توانایەی خۆیی بەکارهێناوە , کەمەرج نیە هەموو مرۆڤێک ئەم توانایانەی تێدابەدی بکرێت , بەڵام کەم تازۆر یەکێک لەو توانایانەی تێدا بەدی دەکرێت . کەواتە لێرەدا دەبێ تواناکانی خوێندکار بەشێوەیەکی زانستیانە دیاری بکرێن و لەم ڕوانگەیەوە پەروەردەبکرێت و دەرگایەکی فراوانی بۆ بکرێتەوە تا تواناو ئاستی خۆیی بەبێ هیچ کۆت و زنجیرێک تاقی بکاتەوە و بەکاریان بێنێ و بەبێ جیاوازی ئەمە کوڕە یان کچ , لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری و ڕێنمایی بەشێوەیەکی زانستی و پێشکەوتوانە زیاتر دەوڵەمەند بکرێت و بەجۆرێک کە یەکەم جار لەڕێگای زانیاریەوە تا دواتر دەگاتە زانست .
لەگەڵ فێرکردنی قوتابی کە چۆن پەیوەندی دروست بکات لەنێوان زانست و کاردا کە لەڕێگایەوە بتوانێ ئەوەی فێری بووە کاری پێ بکات و لەڕێگایەوە بتوانێ گرفتەکان دیاری بکات و بەهەمان شێوەش چارەسەریان بکات .
پێویستە قوتابی لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت کە چۆن بتوانێ ئەو زانیاریانەی کە پێویستیەتی بەدەستیان بێنێ و بەتایبەت ئەوانەی کە گرنگن لەگەڵ ئەو ڕێژەی دەیەوێ و دواتر ڕابهێنرێ لەوەی کەخاوەن بڕیاری خۆیی بێت لەسەر بنەمایی ئەو زانیاری و زانستەی لەبەردەستیایەتی و چۆنیەتی هەڵبژارنی و بەکارهێنانی , زۆر گرنگە لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا ئەو قوتابیە لەگەڵ خوێندن بتوانێ لەچەند کاتێکی دیاری کراودا لەڕوی پراکتیکەوە کاری پێ بکات و بزانێت توانایی خۆیی لەکوێدا و چەندە .
ئەو شێوە پراکتیکەش دەتوانرێ لە بازارو سەیرکردن و کڕین فرۆشتن و دەست نیشان کردن و کارکردن و دروست کردنی پەیوەندی بەخەڵکەوە یان خێزان و تاکەکانی تری دەوروبەرەوە , یان قوتابخانەکەی و هاوڕێکانی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و ئەو گەشت و گوزارە هەمەجۆرانەی کە گرنگە بەبەردەوامی بوونیان هەبن بۆ کردنەوەی ئەو قووتابیە , یان کارگەو دەزگا ئیداریەکان و یاساییەکان و پیشەیی و هونەری و ئەدەبی .. هتد . بەم شێوەیە ئەو قوتابیە دەتوانێ پەیوەندیەک لەنێوان بیرو بۆچونی خۆیی و ئەو دیمەنانەدا بکات کە ڕۆژانە دەیان بینێ و هەڵسوکەتیان لەگەڵ دەکات لەگەڵ ئەوانەی کە لەکتێبەکانی دا نووسراونەتەوە و دەیان خوێنێ .

بەم شێوەیە ئەو قوتابیە دەتوانێ لەوەی کە فێری بووە تواناکانی خۆیی دیاری بکات و خۆیی لەگەڵ پێشکەوتن و زانستەکاندا بگونجێنێ و توانای تام و چێژی هونەری و ئەدەبی و زانستی هەبێت , کە ئەمە ئەمڕۆ لەسیستەمی پەروەردەی ئێمەدا بوونی نیە و ئەوەش وادەکات کە قوتابی کورد لەگەڵ ئەوەی دوائاکامی خوێندنەکەی بێ سوود دەزانێ چونکە دوای ئەو چەند ساڵە دەخوێندن و ماندووبوونە بەئەنجامێک ناگات چونکە دواتر کارێک نیە یان ئەوەی ئەو خوێندوویەتی کاری پێناکرێت یان ئەو کارە بوونی نیە بۆ نائومێد دەبێت و ئەوەش کاریگەری ڕاستەخۆیی بۆ دەورووبەر دەبێت , تەنها ئەوەنەبێت لە بەشێکی ئیداری بەفەرمانەرێکی بەکارهێن کە توانای بەرهەم هێنانی نیە یان زۆر هەن ئەوەشیان دەست ناکەوێت و ئەوە لاوازی و بێزاری لە خوێندن و ووشکی و خاوبوونەوەی لە خوێندن کە ئەو زەوق و تامە ناداتە خوێندکار بەگرنگیەوە تێ بڕوانێت و بەبێ ئەوەی هەست بەکات بکات بگاتە قۆناغی کۆتایی , یان بەسەرکەوتووی قۆناغەکان ببڕێت .

بۆیە گرنگە ئەم خاڵە بەگرنگیەوە ڕەچاوبکرێت چونکە بەم شێوەیە دەتوانرێ لەهەموو چالاکیە هونەری و وەرزشی و ئەدەبی یەکاندا سوود لەو توانا و بەهرانە وەربگیرێن و بۆ ئایندە کەسانی شارەزاو لێهاتوو بەتوانایان لێ دروست بکرێت .

ئەمەش هۆکارێکی بەهێزو پتەوە کە دەتوانرێ قوتابی لەسەر ئەو بنەمایە دروست بکرێت کە بتوانێ بیرو کار بەیەکەوەببەستێت و دواتر باس لەزانستە لەبەر کراوەکان یان کۆکراوەکان کە قوتابی فێردەکرێت بەبەکارهێنانی مێشکی یان بیری یا ئەو کاغەزو ئامێرانەی کە تایبەتن بۆ هەڵگرتن و لەبەرکردن و جارێکی تر بەکارهێنانەوەیان بەشێوەیەکی باش و زانستیانە کە نابنە هۆی هیلاک بوونی مێشک و ماندووبوونی ... بەم شێوەیە مێشک دەتوانێ تواناکانی خۆیی بەسەر زانیاریەکانی دیدا دابەش بکات و لەبوارەکانی تری بیرکردنەوەی داهێنان دا کاربکات .

لێرەدا قوتابی دەتوانێ زۆربەجوانی و بەبێ کێشە جیاوازی لەنێوان تایبەت و گشتی دا بکات و جیاوازی ئازادو گیراو یان تاکو کۆ و یاساو بیردۆز , ئەمڕۆ و داهاتوو و چۆنیەتی و چەندایەتی و بەکارهێنانیان بەوشێوە دروستەی کە دەیەوێ و لەکۆێدا دەبێ بەکاربهێنرێت و سوودیان لێ وەربگیرێ .

فێربوونی قوتابی بەزۆر شێواز بۆ گەیاندن , واتە گەیاندنی زانیاری لەڕێگای وێنەوەیان گفتووگۆ و پەیوەندی نووسین و قسەکردن و ڕاگۆڕینەوەوە دەبێت , کەواتە گرنگی بەپێ ی ئەم شێوەیەی کە باسم کرد ئێمەی کورد خۆمان لەوشێوە سیستەمە کۆنە لاوازەی خوێندن ڕزگاربکەین و ئەو سێ قۆناغە سەرتایی و ناوندی و دواناوەندی هەڵوەشێنرێنەوە و بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی و فێرکاریانەوە لە ڕووی دەرونیەوە دووبارە سیستەمێکی نوێ کە ئەمڕۆ ووڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپی لەسەری کاردەکەن جێگای ئەو سیستەمەی ئێستامان بگرێتەوە , کە دەرەنجامێکی باش و پێشکەوتوانەی پێوەدیارە بۆ زانیاری دان بەو قووتابیەو پڕچەک کردنی بەشێوەیەکی زانستیانەی پێشکەوتوانە لەڕووی زانستەوە . تا بتوانین ئەم کۆمەڵگایەمان لەم کۆمەڵگای ئێستەوە بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی و مەدەنی بگۆڕین کە داهاتوویەکی گەش و ڕوناک و زانستی پێوە دیار بێت .

لەووتارێکی پێش و ترمدا ئاماژەم بەوەدابوو کە دەبێ بەشێوەیەکی زۆرلێکراو هەموو منداڵێک لە تەمەنی سێ ساڵیەوە بەرەو باخچەی ساوایان ببرێت ئەویش لەلایەن شارەزاوو پسپۆڕانی ئەم بوارەوە بەرنامەو پلان ڕێژی فراوان و هەمەلایەنەی بۆبکرێت , تا ئەو منداڵە لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا پەروەردەبکرێت و ئامادەبکرێت بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن .

سەبارەت بەقۆناغەکانی دی دەتوانرێ هەمان ڕتمی سێ قۆناغی بمێنێتەوە بەڵام بەشێوەیەکی تر لەبری ئەوەی ئێستا قۆناغەکان تا دواناوەندی دەبنە 12 ساڵ ئەو کات دەبێتە 13 ساڵ و هەرسێ قۆناغ کە دێمە سەرباسکردنیان دەبێ لەڕوی دەروونیەوە خوێندنەوەی لەسەر بکرێت و تێدا تواناو لێهاتووی ئەو قوتابیە دیاری و دەست نیشان بکرێت .. قۆناغەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوەدەبن :

قۆناغی یەکەم : لە پۆلی یەکەوە بۆ پۆلی چوار .... بەوە دەناسرێت کە قۆناغی خۆگەنجاندن لەگەڵ زانیاریەکان و بەردەوامی ئەوەی کە لەباخچەی ساوایان لەسەری ڕادەهێنرێت و کردنەوەی مێشک و ڕاهێنانی لەسەر چۆنیەتی کارکردن . وەک ووتمان ئەم قۆناغە دوای باخچەی ساوایان دێت کە قوتابیان تێیدا فێری زانیاریەکان بەهەموو شێوەکانیەوە لەگەڵ سەرچاوەکانی دەکرێت و ڕادەهێنرێن بەوەی کە چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات چۆن وەریان دەگرێت و چۆن دەیان داتەوە یان دەیان نێرێت و لەگەڵی دا بەشێوەیەکی ووردو بەرنامەڕێژی فێری وێنە دروست کردن و قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین و پەیوەندی کردن دەکرێت .. زۆربەی کاتی قوتابی دەبێ سەرگەرمی جموجوڵ و چالاکیە هەمە جۆرە پەروەردەییەکان دەبێت , قوتابی فێردەکرێت کە زۆر بخوێنێتەوە و زۆر گوێ

بگرێت و لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە ئەو قوتابیە توانایەکی زۆری دەبێت لەقسەکردن و گوێ گرتن کە لەڕێگایەوە دەتوانێ بەگفتوگۆ و لێدوان و خوێندنەوە و نووسین لەڕووی شێوەو چۆنیەتی و خێرایی و جۆراوجۆرییەوە بەتواناو شارەزا دەبێت کەدەتوانێت لەگەڵ زۆری کتێب و زانیاریەکاندا زۆر بەئاسانی ڕەفتاربکات . باشترین نمونەش جیاوازی ئەو منالە کوردانەی کە لەهەندەران و لەباخچەی ساوایانەوە منداڵەکانیان فێرکراون و لە ئاستی قۆناغی یەکەم دا بەراودر بکرێت لەگەڵ قوتابیەکی ئەمرۆی کوردستان و بەشێوەیەکی وورد لەهەموو بوارەکاندا , زۆر بەڕونی جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت .

قۆناغی دووەم : لەپۆلی پێنجەوە بۆ پۆلی دە .... گۆڕانکاری و دیاری کردنی تواناکان و بڕیاردان لەسەر زانستە پێویستیەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیان و بەدیار کەوتنی هەموو تواناوئارەزووەکانی خوێندکار لەوەی کە چی دەوێ و توانایی لەکوێدایە . قوتابی ڕادەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زانستیەکانی و دەست نیشان کردنی تواناکان و خۆ دۆزینەوە لەو بوارانەی کە تێیدا کارامەیە و هەوڵ بدرێت زیاتر پەروەردەبکرێت بەزانیاری زیاتر و هاوکاری بکرێت بەجۆرەها ڕێگای پێشکەوتوانەی سەردەم و لەڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە بۆ زیاتر شارەزابوون و چۆنیەتی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست کە ئەمە یەکێکە لەو بەشە گرنگانەی کە هەموو قوتابخانەیەک دەبێ تێیدا هەبێت بۆ ڕاهێنانی قوتابیەکان , زیاتر پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کە ئەو قوتابیە چی دەوێ یان ئارەزووی چیە و لەکوێدا دەیەوێ خۆیی ببینێتەوە , کەتێیدا پێویستە بەشێوەیەکی پراکتیک ئەو توانایەی خۆیی بەکاربێنێت و بەتەواوی لەوە دڵنیابێت کە دەتوانێ لەو بوارەدا کاربکات و سەرکەتووبێت ئەویش بەدۆزینەوەی ئەو بوارانەی کە قوتابی ئارەزووی لێیان هەیە و دەتوانێ بەردەوامی خۆیی تێیاندا ببینێتەوە وەک ( ئەدەب و هونەرو ڕەخنەگری هونەری و ئەدەبی و وەرزش و زمانەوانی و حساباتی ئەلکترۆنی و فیزیا و کیمیا و جوگرافیا و بەڕێوەبەرایەتی و بازرگانی و مێژوویی و فەلسەفەو دەروون ناسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و بواری سیاسی و تەندروستی وکارە پیشەییەکانی دی ) کە ئەمانە هەموویان لەو ماوەیەدا دەبن تادوا قۆناغی دووەم بەدیاردەکەون ئەگەر بەتوانا بوو و یستی بەردەوام بێت ئەوە دەچێتە قۆناغی سێیەم و ڕوو لەژیانی زانکۆ و پەیمانگا دەکات و ئەگەر لەوێوە کۆتایی پێهات ئەوە دەرگای قوتابخاپیشەییەکان دەکرێتەوە و هەموو بوارەکانی ژیانی تێدا دەدۆزرێتەوە . نەک ئەو قوتابخانە پیشەییە مردوانەی ئێستەمان کەتەنها بەناو پیشەین و لەڕووی پراکتیک و کارکردنەوە بوونیان نیە . ئەویش دەبێ بەهەمان شێوە کاری بۆ بکرێت و بەپێ بەرنامەڕێژیەکی تێرو تەسەل ئەو قوتابخانە پێیشەییانە فراوانتر بکرێن و هەموو بوارەکانی ژیان بگرنەوە ببنە بنەمایەک لەبازاری بەرهەم هێنان دا تا هەموو کارێکمان زانستی و پیشکەوتوانە و سەردەمیانە بێت .

قۆناغی سێیەم : پۆلی یانزە بۆ پۆلی سیانزە .... قۆناغی سەقامگیربوون و قووڵ بوونەوە و ڕاهێنان لەسەرجەمی زانستەکان و خۆئامادەکردن بۆ قۆناغەکانی داهاتووی زانکۆ و پەیمانگا . لێرەدا بەشەکانی خۆیی دیاری دەکات و ئامادەکاری بۆدەکرێت تابتوانێ بەبێ کێشە لەو بەشەی دەیەوێ خوێندنەکانی خۆیی بەردەوامی پێبدات و ئەمەش ئەو کێشەیەمان لەکۆڵ دەکاتەوە کە قوتابی ئێستامان بۆ زانکۆکان بەویستی خۆیان نیە و تەنها پلە واتە نمرەکان ئەو بڕیارەدەدەن بەلام ئەوکات خەزو ویستی ئەو خوێندکارە و توانایی خۆیی ئەو بڕیارەدەدات و ئەو کات دەتوانین قوتابی ئامادەبکەین کە لەبوارەکانی ژیاندا شارەزاو لێهاتوو و بەتوانابێت و سەرکەوتنیش بەدەست بێنێت و لەخزمەت گەل ونیشتماندا کاربکات .

بەم شێوەیە نەوە لەدوای نەوە کاتێک دەزانین نەتەوەی کورد دەبێتە نەتەوەیەکی نمونەی پێشکەوتوو و دەوڵەمەند بەزانست و زانیاری و دواتری دەتوانین بەسەر هەموو ئەو گرفت و کێشانەی ئێستاماندا زاڵ بین , ئەو کێشانەی کە توانا بۆ چارەسەرکردنیان نیە لەوانەشە لەڕووی نەزانینەوە بێت , چونکە نەزانینش شەرمی تێدا نیە , بەلام ئەو کات شەرموو نەنگیە کە نەزانین و دان بەنەزانی خۆماندا نەنێن و ڕێگاش بۆ خەڵکانی شارەزاو لێهاتوو چۆڵ نەکەین وەک هەندێ لەوانەی خۆیان نووساندووە بەکورسیەکانیانەوە و بەری نادەن .

گۆڕینی سیستەم و پەیڕەوکردنی کارو پلانی نوێ دەمان گەێنێتە ئەو ئاکامەی کە دەیانی وەک ( باخان کەمال ) چی دی نەبنە قوربانی پلان و بەرنامەی چەوتوو ناشارستانی و سوواووی سەردەمی فاشیزمی بەعسی و ئەو پەروەردە چەوتوو لاوازەی کە قوتابی هەموو ساڵی خوێندنی لەمانگرتن و ناڕەزایی و گلەیی گازندە بەسەر دەبات و خوێندن و دەرسوو دەورەکان وەلادەنرێن . بۆیە ئێمەی کورد پێویستیمان بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و زانستی و پەروەردەیی هەیە تا بنەماکانی خۆمان لەسەری بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و پتەو بنیاد بنێینەوە و کاتی ئەوەش هاتووە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لەبنەماوە گۆڕانی بەسەردابێت .